# هەواڵێکی بەپەلە ... پارتی و یەکیتی یەکدەگرن!!



* ستیفان شەمزینانی *

باش لە بیرمە ساڵی 2002 لەمیانەی کۆڕیکدا لە هۆڵی رۆشنبیریی شاری سلیمانی وتم : پارتی و یەکیتی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نیوانیاندا نییە شایەنی باسکردن بیت ، وتم : پارتی و یەکیتی یەک ستراتیژ و خەونیان هەیە بەلاَم بە تاکتیک و ڕیگای جیاواز ، بە لەسەرکردنی دەمامکی رەنگ جودا ، هەروەک چۆن خەونی ئوسامە بن لادن و یوسف قەرەزاوی ،مەلا کریکار وعەلی باپیر هەریەک خەونە هەرچەندە تاکتیکەکانیشیان جیاوازە لەیەکتر.

سروشت و خەون وستراتیژی پارتی و یەکیتی هەریەک شتە ، باوەڕ ناکەم جیاوازییەکی وەها هەبیت ئیمە دەرکمان نەکردبیت یان هەستمان پی نەکردبیت .

ئەوی رۆژی وانەدەبینرا ئەم دوو حیزبە جمکی سکی گەندەڵی و دیکتاتۆریەت بن یان هەردووکیان قوتابی یەک قوتابخانە بن وەک یەک پەروەردە بووبن وگەشەیان کردبیت،خەریکبوو لەو کۆڕەدا پەلامارم بدەن و بمکەنە دەری.

یەکیک لە کادرەکانی یەکیتی هەستایە سەرپی و بەتوڕەییەوە وتی :ئەو قسەیەی جەنابتان وەک ئەوە وایە بلّیی تامی سیو و پورتەقاڵَ هەریەک تامە ،لەبەرسفدا بەشۆخییەکەوە وتم :کاکی برا ئیمە باسی رووەک ومیوە و کیلّگە ناکەین ، باسی دوو پارتی سیاسی دەکەین کە ئەوەندەی خاڵی لیکچوویان هەیە نیو هیندە جیاوازییان لەتەک یەکدا نییە .

خەڵکانیک پەیدا بووبوون دەیانەویست بەزۆری زۆرداریی یەکیتی بکەنە نوینەری باڵی مۆدیرن و پیشکەوتووخوازی کۆمەڵَ و (پارتی)ش بە تەوژمە کۆنخواز و کۆنسەرفاتیفەکەی.

ئیمرۆ ئەم دوو حیزبە بە تەواوی و روونی ماهیەت و گەوهەریان دەرکەوتووە ،دوای زنجیرەیەک کۆبوونەوە و لیک نیزیکبوونەوە پلانیکی ستراتیژییان گریداوە بۆ ماوەی دەساڵَ کە بەیەک لیست و یەک دەست بەشداریی لەهەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن بکەن و هاوپەیمانی یەکتربن لە هەر دۆخ و پیشهاتیکی نویدا، لەناوەند و کەناڵەکانی راگەیاندنی هەردوو حیزبیشەوە باس لەو هاوپەیمانیتییە دەکریت ، تا ئەو ئەندازەیەی (محەمەدی مەلا قادر)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لە دیمانەیەکی گۆواری (بزاو)دا بلّیت (دوورنییە لە داهاتوودا یەکیتی و پارتی ببنە یەک) -1- لەلایەکی دیکەشەوە باس لە یەکگرتنی هەردوو دەزگای پاراستن و زانیاریی دەکریت .

هاوڕییەکم لەگەلَ خویندنەوەی ئەم مانشیتەدا تووشی شۆک بوو ، چۆن دەبیت ئەو کارە روویدات ؟ ئەی کەواتە ئەو هەموو شەڕ و خوین و کوشتارەی لە نیواندا بوو لە پای چی و بۆچی ؟ ئەز زۆر بە ئاسایی بەردەوام بووم لەسەر خویندنەوەی کۆی دیمانەکە،چون بەلای منەوە نەشۆک ومایەی سەرسوڕمانە نەئەگەریکی دووروئەستەم .

لەبەرئەوەی پیشوەخت لەو تیگەیشتبووم پارتی و یەکیتی لە ناو و هەندی دروشم و گوتاری لاوەکیدا جیاوازن ئەگەرنا بەشیوەیەکی گشتی دوو زرە درەختن و هیندە لەیەک دەچن هەر دەڵیی لەبەریەک گیراونەتەوە .

بیرمەندی ناسراو (ئالین بەدیۆ) بەراورد لە نیوان کۆمۆنیزم و فاشیزمدا دەکات و لەئاکامدا دەگاتە ئەو بروایەی لەنیوانیاندا چ جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە ، سەرباری ئەوەی دەریایەک خوین لە دوژمنایەتی نیوان هەردوولایاندا

created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

رژێنراوە ، بەدیۆ دەڵێت (فاشیزم و کۆمۆنیزم کەبەرواڵەت دژ بەیەکن بەتەواوی چوون یەکن ، هەردووکیان لەخانەی تۆتالیتاریزمدان ).

پارتی و یەکیتی کە بەرواڵەت لەیەکەوە دوورن و بەحیساب ئەمیان نوینەری ناسیۆنالیزمیکی خیڵەکی وئەویان سۆسیال دیموکراتە ، بەڵاَم لە سترۆکتۆردا هەردوولایان دوو تەوژمی چوون یەک و دیکتاتۆرین و بەرپرسیارن لە هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر مرۆڤی کورددا هاتووە و دەهینریت .

ئەگەر پارتی و یەکیتی لیکجودان چۆن لە هەڵبژاردنەکاندا بەیەک لیست دادەبەزن؟ ئایا دەکریت یەکگرتووی ئیسلامی و پارتی کۆمۆنیستی کوردستان کەیەکەمیان پارتیکی ئاینیی و ئەویتریان بی ئاینە بەیەک لیست و بەرنامەوە بچنە پای پرۆسەی هەڵبژاردنەوە؟ ئەگەر ئەم کارە روویدا هەڵبەتە لایەکیان دەستبەرداری بیروباوەر و ئیدۆلۆژییەکەی بووە و وازی لیهیناوە لە پیناوی پیکەوە گونجان و پرۆژەی هاوبەشدا.

ئەگەر زەین بدەینی لەباری واقیعییەوە پیویست بەخۆ ماندووکردن ناکات کەبەدووی دیوە لیکچوو و هاوبەشەکانی ئەو دوو حیزبەدا بگەرِیین ، چون ئەوان هەردووکیان وەک یەک تاوانبارن لەبەرپاکردن و خرۆشاندن و خۆشکردنی ئاگری جەنگی ناوخۆی کوردستاندا ، وەک یەک تاوانبارن لە دیل کوشتن و خانوو رووخاندن و دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانی نەیارانیاندا ، وەک یەک تاوانبارن لە گەندەڵی و دزیی و راو رووتدا ،وەک یەک تاوانبارن لەسەرکوتی سیاسی و فیکریی و پەلاماردانی ئازادیدا ، وەک یەک تاوانبارن لە کلکایەتی و نۆکەرایەتی بۆ داگیرکەرانی کوردستان وراکیشانی دەستی سوپاکانیان بۆ نیو قووڵایی خاکی وڵاَتی دابەشکراو. وەک یەک تاوانبارن لە فیلَ و تەڵەکردن و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر و بەکارهینانیان بۆ هینانەدی مەرامەکانیان ، وەک یەک تاوانبارن لەباوەشکردنەوە بۆ کۆنەجاش و کۆنە بەعسی و عەرەبی شۆفینی و ئەنجامدەرانی کوشتارگەی ئەنفال و ژینۆساید و دروستکردنی پەناگە و لانەی ئارام و پر لە ئاسایش ونیعمەت بۆیان ،وەک یەک تاوانبارن لەچاوپۆشیکردن لە ئابرووچوون و عەنتەریات و خولە جەخماخەیی و گەندەڵی بەرپرسان و باج و سەرانە سەندن لە هاووڵاَتیانی بی پشت و پەنا ، وەک یەک تاوانبارن لە بەفیرۆدانی سەروەتی نیشتمانی و هەرزان فرۆشیی وڵاَتدا ، وەک یەک تاوانبار و بەشدارن لە داسەپاندنی دەسەڵاَت و هەژموونیاندا ، وەک یەک تاوانبارن لەدروستکردنی رەشبینی لای هاونیشتمانیان وئازاردانیان بەنەبوونی خزمەتگوزاریی و پیداویستییە سادەو سەرەتاییەکان ، وەک یەک تاوانبارن لە پیکهینان و خستنەگەری دەیان هیلَ و تۆرگەلی نهینی بۆ چاودیریی و کۆنترۆڵکردنی جموجۆلَ و هەلَسوکەوت و شیوە بیرکردنەوەی سەرجەم خەڵک ، وەک یەک تاوانبارو بەشدارن لە هەڵچنینی دیواری قەلاَکانی ستەمکاریی و زیندانە تاریک و نوتەکە نهینی و ئاشکراکان ، وەک یەک دەزگای سەرکوتگەر و داپلۆسینەریان هەیە (دەزگای پاراستن و زانیاریی )، وەک یەک سەرچاوەی ئابووریی و داهاتی وڵاَت دادەدۆشن ، وەک یەک نەیارە سیاسییەکان تیرۆر و ئەشکەنجە دەدەن ، وەک یەک هەڵدەکووتنە سەر نووسینگەی رۆژنامە و بلاَوکراوەکان و بەشەق و زللە و وەک تاوانبار مامەڵَە لەگەلَ رۆژنامەنووسدا دەکەن ،وەک یەک لەبەغداد سەرشۆڕ دەکەن وکۆیلایەتی چوار ملیۆن کورد رادەگەیەنن لەچوارچیوەی عیراقی شەرو کابووسدا

وەک یەک لە پایتەختی دەولەتە داگیرکەرەکاندا زەلیل و زەبوونن و لەوڵاَتی خۆشیاندا قارەمان و پالەوان ، وەک یەک ئەم وڵاَتە کاول دەکەن ودەیکەن بە دۆزەخ ،بەقەد یەک تاوانبارن لەهەر ناهەقی و تاوانیکدا کەبەرامبەر بە هاووڵاَتی کورد ئەنجام دەدریت ، وەک یەک تاوانبارن لەگەدابوونی هەر کەسیک و برسیتی هەر برسییەک و نائومیدیی هەر مرۆڤیکی کورددا ، وەک یەک دەپەیڤن و وەک یەکیش هەرەشە دەکەن و پیدەکەنن ، کە تووڕەبوون وەک یەک وان ودنیا خاپور دەکەن ، هەر کەوتنە تەنگانەوە بەیەک گوتار و حەماسەتەوە داوای هاوکاریی لە میللەت دەکەن و هەر کە مەترسیشیان لەسەر نەما وەک یەک و بەیەک قەسەب خوینی ئابووریی وڵاَت هەڵدەلووشن .

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئەم دوو حیزبە تەنیا لەناو وشکلَدا لیکجودان ئەگەرنا هەردووکیان یەک ناوەرۆک و ئامانجیان هەیە ، ئەزموونی سەقەتی شانزە سالّەی دەستەلاَتیان ئەگەر یەک مانا و رستەی دابیت بە دەستەوە ئەوەبووە : ئەو دوو زلحیزبە زۆر زیدەتر لە راددەی دوو مندالّی جمک (دووانە) لەیەکدی دەچن نەک شتیکی جیاواز لەمە.

**(لینین) لەسەر وەختی پەرش و بلاَویی و لیکترازانی حیزبەکەیدا وتی :(ئیمە پیویستیمان بەیەکگرتنی مارکسیستەکان هەیە ، نەک یەکگرتنی مارکسیستەکان لەگەلَ دوژمنانی مارکسیزم و تیکدەرانیدا).**

ئیمرۆ لەکوردستان و دوای تیپەرینی زیاتر لە 85 سالَ بەسەر ئەو وتەزایەی ( لینین )دا سەرکردە سیاسییەکانی دوو حیزبە سەرەکییەکە هاتوونەتە سەر رایەکی لینین و دەلّین پیویستیمان بە یەکگرتنی گەندەلەکان خۆیان بەتەنی هەیە نەک یەکگرتن و لیک نزیکبوونەوەیان لەگەلَ ناگەندەلّ و چاکسازیخوازەکان .

کەواتە جیی خۆیەتی هەر لە نووکەوە پیرۆزبایی خۆم بۆ ئەو دوو حیزبە بنیرم بەلاَم لەگەلَ ئەوەدا تکایەکم هەیە : ئەو رۆژەی یەکگرتنەوەکەتان راگەیاند لەتەلەفزیۆنەکانەوە مەلّین ئەمرۆ رۆژیکی میژوویی یان جوگرافییە ومەشلّین سەرەتایەکی گرنگە وهەنگاویکی نوییە چونکە ئیوە زۆرلەمیژە یەکتانگرتووە لە دژی بەرژوەندییەکانی کۆمەلاَنی خەلّکی کوردستان ، تکاش دەکەم هیچ ئاهەنگیک بەوبۆنەوە ساز مەکەن چونکە ئەو رۆژە رۆژی قوربیوانی زۆرینەی هەرە زۆری خەلّکە و رەحمەت دەنیرین بۆ کفن دز.

**پەراویز:**

-1- **گۆواری (بزاو) ژمارە (9) یەکشەممە – 5 ئابی 2007 – لاپەرە 32**

Shamzini79@hotmail.com

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image